# ئایا باسی نەخۆشیەکەی پێغەمبەری خودام بۆ دەکەیت -صلی الله علیه وسلم-؟ ووتی: بەڵێ، نەخۆشیەکەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەختتر بوو، فەرمووی: ئایا خەڵکی نوێژیان ئەنجامداوە؟ ووتمان: نەخێر، چاوەڕێی تۆ دەکەن

لە عبید الله کوڕی عبد الله کوڕی عوتبەوە، دەڵێت: چووم بۆ لای عائیشە، ووتم: ئایا باسی نەخۆش بوونەکەی پێغەمبەری خودا دەکەیت بۆم -صلی الله علیه وسلم-؟، (عائیشە) ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەخۆشیەکەی سەخت وقورس بوو، فەرمووی: «ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟»، ووتمان: نەخێر، چاوەڕێی تۆ دەکەن، فەرمووی: «ئاوم بۆ بخەنە نێو تەشتەکەوە»، ئێمە ئەوەمان کرد، بۆیە دانیشت وخۆی شۆرد، وهەوڵیدا هەستێت بەڵام لەهۆش خۆی چوو، پاشان بە ئاگا هاتەوە، فەرمووی: «ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟»، ووتمان: نەخێر، چاوەڕێی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «ئاوم بۆ بخەنە نێو تەشتەکەوە»، ئێمە ئەوەمان کرد، بۆیە دانیشت وخۆی شۆرد، وهەوڵیدا هەستێت بەڵام لەهۆش خۆی چوو، پاشان بە ئاگا هاتەوە، فەرمووی: «ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟»، ووتمان: نەخێر، چاوەڕێی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خودا، خەڵکی لە نێو مزگەوتدا ماونەتەوە چاوەڕێی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- (کەسێکی) نارد بۆ لای ئەبوبەکر بۆئەوەی (داوای لێبکات) پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، نێردراوەکە هات (بۆ لای ئەبوبەکر)، ووتی: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمانت پێدەکات کە پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکەیت، ئەبوبەکر -پیاوێکی دڵنەرم ونەرمونیان بوو- ووتی: ئەی عومەر؛ پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکە، عومەر پێی ووت: تۆ شایستەتری، بۆیە ئەو ڕۆژانە ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەستی کرد هەندێک باشتر بووە، بۆیە هات بۆ نوێژی نیوەڕۆ بە یارمەتی دوو پیاو (بۆئەوەی بتوانێت ڕێ بکات)؛ یەکێکیان عەباس بوو، وئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، کاتێک ئەوی بینی، ویستی بگەڕێتە پاشەوە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئاماژەی پێیکرد بەوەی نەگەڕێتەوە پاشەوە، فەرمووی: «با لە تەنیشت ئەبوبەکر دابنیشم»، بۆیە ئەوانیش یارمەتیان دا بۆئەوەی لە تەنیشت ئەبوبەکر دابنیشێت، بۆیە ئەبوبەکر لە نوێژەکەیدا شوێنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەکەوت، وخەڵکیش شوێنی ئەبوبەکر دەکەوتن لە نوێژەکەیاندا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دانیشتبوو، عبید الله دەڵێت: چووم بۆ لای عبد اللەی کوڕی عەباس، پێیم ووت: ئایا ئەوەت بۆ باس بکەم کە عائیشە بۆمی گێڕایەوە سەبارەت بە نەخۆشیەکەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-؟ (ئیبن عەباس) ووتی: بیڵێ، بۆیە منیش گێڕانەوەیەکەیم بۆی باسکرد، نکۆڵی لە هیچ شتێکی نەکرد، جگە لەوە نەبێت کە ووتی: ئایا ناوی ئەو پیاوەی هێنا کە لەگەڵ عەباس بوو، (عبید الله) ووتی: نەخێر، (ئیبن عەباس) ووتی: عەلی کوڕی ئەبی تالیب بوو -ڕەزای خوای لێبێت-.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی هەندێک شت دەکات کە لە کاتی کۆتا نەخۆشبوونی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوویاندا، کاتێک نەخۆشیەکەی سەخت وقورس بوو، پرسیاری لە ئەوانە کرد کە لەگەڵیدا بوون: ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟، ووترا: نەخێر، بۆیە بانگی کرد تەشتێکی ئاو بهێندرێت وخۆی شۆرد وهەوڵیدا هەستێت بەڵام لەهۆش خۆی چوو، کە بەخەبەر هاتەوە؛ دووبارە پرسیاری کرد ودیسانەوە خۆی شۆرد چونکە لە هۆش خۆی چوو، وئەمە سێ جار دووبارە بوویەوە، پاشان فەرمانی کرد کە ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، کاتێک نێردراوەکە هات؛ ئەبوبەکر فەرمانی بە عومەر کرد پێشنوێژی بۆخەڵکی بکات، ئەویش ڕەتی کردەوە بۆیە ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد؛ چونکە ئەو شایستەترە، پاش ماوەیەک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەستیکرد باشتر بووە بۆیە بە یارمەتی عەلی

وعەباس هات -ڕەزای خوایان لێبێت- بۆئەوەی نوێژی نیوەڕۆ بکات بە جەماعەت، ولەو کاتەدا ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، کاتێک پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم-، ویستی بگەڕێتە پاشەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی پێیکرد بەوەی نەگەڕێتەوە پاشەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە تەنیشتی دانیشت وئەبوبەکر لە نوێژەکەیدا شوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەوت، وخەڵکیش شوێنی ئەبوبەکر دەکەوتن لە نوێژەکەیاندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11294